# بیابانێکی پڕ لە دووکەڵ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# بیابانێکی پڕ لە دووکەڵ

## کۆمەڵێ شیعری ئینگلیزی و نەیتیڤی کەنەدییە

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)



کتێب: بیابانێکی پڕ لە دووکەڵ - کۆمەڵێ شیعری ئینگلیزی و نەیتیڤی کەنەدییە
ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤١٨
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس
سەرپەرشتیی چاپ: ئاورەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٨٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

# ئەو وشانەی لە سەرەتادا پێویستە بوترێن

ئەم نامیلکەیە بەری ڕەنج و ماندووبوونی زیاتر لە ساڵێکە، لە کتێب و سەرچاوەی جیا جیاوە بەش بەش وەرمگێڕاون و ئامادەم کردوون و هەندێکیشیان پێشتر لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بینراون.

ئەم کتێبە لە دوو بەش و پاشکۆیەک پێکهاتووە. بەشی یەکەم شیعری نەیتیڤی کەندییە و بەشی دووەم چەند شیعرێکی ئینگلیزیی کەنەدییە(*) و هەروەها پاشکۆیەکیش کە کۆمەڵێک شیعر و گۆرانی نەیتیڤییەکانی کەنارەکانی خۆرئاوای ئەفریقیایە.

شیعرە نەیتیڤەکانی نێو ئەم کتێبە هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکن وەک:

یەک: ئاوێتەبوونی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵک بەهەندێک لە شیعرەکان و چوونە دەرەوەی ڕێسا و بنەما ڕێزمانییەکان ئەمەش قورس و نارەحەتە بۆ وەرگێڕان.

دوو: بەگشتی سادە و کورتن، دیارە ئەمەش تایبەتمەندیی شیعری نەیتیڤ نییە، چونکە شاعیرە نەیتیڤەکان شیعری درێژیشیان هەیە. بەڵام زۆرێک لەو شیعرە درێژانە بەهۆی بەکارهێنانی وتەزا و وشەگەلێکی زمانی نەیتیڤ نەمانتوانی وەریان بگێڕین.

سێ: بەڕوانینێکی خێرا بەشیعری نەیتیڤی کەنەدی ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە خەڵکی نەیتیڤ هەر لە بەرەبەیانی داگیرکردنیانەوە لە لایەن ئەوروپییەکانەوە (بەتایبەت فەرەنسا و بەریتانیا) دووچاری

(*): مەبەستم لە شیعری ئینگلیزیی کەنەدی ئەو بزووتنەوە شیعرییەیە کە بەقەڵەمی غەیرە نەیتیڤەکان نووسراون، بەڵام لە هەمان کاتدا شیعری نەیتیڤی کەنەدی بەشێکی دانەپچڕاوە لە بزووتنەوەی شیعری کەنەدی.



چەوسانەوە و بێ حورمەتیی بوونە و داگیرکەرانیش هەوڵی سڕینەوەی زمان و هونەر و کلتووری نەیتیڤیان داوە و ئەمەش بەئاشکرا بەبەشێک لە دەقەکانەوە دیارە.

چوار: پەیوەندیی نەیتیڤ بەسروشتەوە پەیوەندییەکی پتەو و هەرگیز لە پچڕان نەهاتووە. نەیتیڤەکان بەبێ دەریا و ئۆقیانووس و دارستان و مێرگ و دەریاچە ناژین و ئەمانە بوونەتە بەشێک لە پێکهاتەی ژیان و بەرهەمەکانیان.

پێنج: باڵندە و ئاژەڵ هەر بەتەنها هاوڕێی نەیتیڤ نین، بەڵکو بەشێکی گرنگ و زۆر گرنگن لە ئەفسانە و میراتی کەلەپووری نەیتیڤەکان کە ئەمڕۆ بەشانازییەوە خۆیان بەخاوەنی دەزانن.

شەشەم: بەپێی ئەو هەلومەرجەی ژیانی نەیتیڤ لە کەنەدا (ئەدەبی نەیتیڤی کەنەدی) بەبەراورد بە(ئەدەبی ئینگلیزیی کەنەدی) لە خوارترە و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا فەرامۆش کراوە. ئەگەر هەوڵ و کۆششی چەند خەمخۆرێکی خۆیان نەبوایە ئەوا بەشێکی بەرچاو لە ئەدەبی نەیتیڤ دەفەوتا یان بۆ هەمیشە فەرامۆش دەکرا.

حەوت: هەروەها بەپێویستی دەزانم ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە لەنێو دەنگەکانی نێو ئەم کتێبە ژمارەیەک ژنە شاعیری نەیتیڤ بەشدارن کە شان بەشانی دەنگەکانی تر لە هەوڵی بەرزکردنەوەی هاواری پڕ لە موعاناتیانن.

سەبارەت بەبەشی دووەمی ئەم کتێبە هەوڵم داوە مۆدێرنترین شیعر هەڵبژێرم و وەریبگێڕم. هەروەها دەربارەی پاشکۆکەش ئەوا ڕوونکردنەوەی تایبەت بەخۆی لەگەڵ خۆیدایە.

ناوی کتێبەکەشم نا (بیابانێکی پڕ لە دووکەڵ) کە هەڵبژاردنێکی ئیختیاری خۆمە، چونکە ئەم کتێبە پێشتر کتێبێک نەبووە تا

ناونیشانەکەی بپارێزم، بەڵکو لە ١٦ سەرچاوەی جیا جیاوە هاتۆتە بوون.

دوا وشەشم ئەوەیە بەهیوام لە ڕێگەی ئەم کارەمەوە خزمەتێکم بەئەدەب و کتێبخانەی کوردی کردبێت.

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

ڤانکۆڤەر - ئۆگۆستی ٢٩ - ٢٠٠٥



## دەستپێک

### کورتە ناساندنێکی مێژوویی سۆسیۆ دیمۆگرافیانەی نەیتیڤەکانی کەنەدا

مرۆڤە سەرەتاییەکانی کەنەدا (نەیتیڤەکانی کەنەدا)، لانی کەم نزیکەی ١٢٠٠٠سالّ دەبێت لەسەر ئەو خاکە دەژێن. نزیکەی ٥٠٠٠سالّ لەمەوبەر ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵی نیشتەجێ بوون پەیدابوون و گەشەیان کرد.

دەوروبەری ساڵی ١٧٠٠ ز، تەنها پێش هاتنی ئەوروپییەکان، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە نەیتیڤ کە لە خۆرئاوای کەنەدا (لە بریتیش کۆڵۆمبیا) نیشتەجێ بوون، واتا زیاتر لە ٤٠ ٪ی نەیتیڤەکانی کەنەدا (١٠٥,٠٠٠) کەس زیاتر بوون) لەم پارێزگایەدا ژیانیان دەبردە سەر.

نەیتیڤەکان وەنەبێت ژیانێکی ڕێک و نۆرماڵیان بەسەربردبێت، بەڵکو لە ژێر بەرداشی جەنگی ئەهلی(کە لە ڕاستیدا جەنگی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی بەریتانیا و فەرەنسا بوو لەپێناو نفوز و سامانی سروشتی کە بەسەدان هەزار مرۆڤیان تێدا فەوتاند) بوون بەگەورەترین قوربانی جەنگ. نەیتیڤەکان لەو سەردەمانەدا دووچاری قات و قڕی و لەنێوچوونی بەکۆمەڵ بوون لە ڕووی جەستەیی و فەرهەنگی و کولتوورییەوە.

نەیتیڤەکانی کەنەدا ژمارەیان زیاتر لە یەک میلیۆنە واتا ٤ ٪ی سەرجەم دانیشتوانی کەنەدا. پێکدەهێنن و بە٥٣ زمانی جیاواز قسە دەکەن کە سەر بە١١ زمانی بنەڕەتین. ئەم مرۆڤانەی کەنەدا بەسەر حەوت جێگای کلتووری گەورە دابەش بوونە کە ئەمانەن:

یەک: ئالگۆنکیان (Algonkian) کە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ودلاند دەگرێتەوە.

دوو: ئیــرۆقــوەین (Iroquoian) کــە باشــووری ڕۆژهەڵاتی ئۆنتــاریۆ دەگرێتەوە.

سێ: ڕووباری مەکەنزی (Mackanzie River) کە ڕووباری مەکەنزی و ودلاند و باکووری ڕووباری چورچڵ دەگرێتەوە.

چوار: پلەتیۆ (Plateau) کە بەرزاییـیەکانی بریتش کۆڵۆمـبـیا و یۆکن دەگرێتەوە.

پێنج: پلەین (Plain) کە سەرجەم مێرگەکانی کەنەدا دەگرێتەوە.

شەش: کەنارەکانی ئۆقیانووسی ئارام (Pacific coast) کە کەنارەکانی بریتش کۆڵۆمبیا دەگرێتەوە.

حەوت: جەمسەری باکوور (Arctic) کە یۆکن و باکووری خۆرئاوای هەرێمەکانی کەنەدا و کوبێک و لەبیرادۆر دەگرێتەوە.

نەیتیڤەکان سەر بە١٧ خێڵ یان بنەماڵەی گەورەن کە ئەمانەن:

یەک: مۆنتاگنەیسی و نایکاپی (Montagnasi and Naskapi)

دوو: هۆرۆنس (Hurond)

سێ: ئەلگۆنکینس (Algonkins)

چوار: چیپیوای (Chippewas)

پێنج: میکماک (Micmac)

شەش: مالیسییت (Maliseet)

حەوت: کرییس (Crees)

هەشت: ئابێناکیس (Abenakis)

نۆ: پینۆبسکۆتس (Penobscots)

دە: ئیرۆقیۆس (Iroquois)

یازدە: ئینیوت (Inuit)

دوازدە: تیلینگیت (Tlingit)



سێزدە: هایدە (Haida)

چواردە: کۆست سیمشاین (Coast Tsimshian)

پازدە: کواکیۆتڵ (Kwakiutl)(Kwakwaka_wakn))

شازدە: نوتکا (Nuu-chah-nulth(Nootka))

حەڤدە: سیۆکس (Sioux)

دیارە پاش ئەو هەمـوو کـارەسـاتە تراژیدیایانەی کـە بەسـەر نەیتـیڤ و کلتـووری نەیتـیـڤـدا هاتن و پاش دووچاربوونی جـۆرێک لە توانەوە و لەنێوچوون، نەیتیڤەکان بەهۆی خەبات و تێکۆشانیان توانییان لانی کەمی مـافـەکـانیـان بەدەست بهێنن و حکومـەتی فـیدراڵی کـەنەدا ناچار بکەن جۆرێک لە فەرمانڕەوایی زاتییان بۆ بسەلمێنێت.

دەسـەڵاتی یاسـایی بنچـینەیی نەیتـیـڤـەکـانی کـەنەدا لە ژێر چەتری حکومـەتی فـیـدراڵی کـەنەدا دایە. تا سـەرەتای سـاڵانی ١٩٥٠ ز ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری نەیتیڤەکان بەوردی لە ڕووی یاساییەوە لەلایەن (یاسای هیندییەکان - یان یاسای نەیتیڤەکان) ڕێکدەخراو بەڕێوە دەبرا. لەوکاتەوە خولیا و ئارەزووی حکومەتی کەنەدا و کۆمەڵە نەیتیڤەکان بەرەو پێش چوونی بەرچاوی بینیـــوە لە فـــراوانکردنەوەی ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵکی نەیتیڤ.

ئەمــڕۆ خــەڵکی نەیتــیـڤ لە کــەنەدا ســەرباری بەهرەمــەندبوونیــان بەکـۆمـەڵێک ئیـمـتیـازات بەتایبەتی لەڕووی داراییـیەوە کە حکومـەتی فـیـدراڵ بۆی دابین کـردوون، کـەچی لەگـەڵ ئەوەشـدا بەدەست هەندێک دەردەوە دەناڵێنن، وەکو موعتـاد و ئایدز. گەشەکردنی ئەم گرفتـانەش بۆتە هۆی شـێــوازێک لە قــەڵاچۆکـودنی هێـمنانەی نەیتـیـڤـەکـان توانەوەی لەسـەرخـۆیان. لەگـەڵ ئەوەشـدا چەندین مـەڵبـەندی هۆشـیـارکـردنەوە و چارەسەرکردن لەئارادان بۆ چارەسەرکردنی ئەم دەردانە،بەڵام تا دێت کێرڤی تەشەنەکردنیان ڕوو لەسەرە.

# بەشی یەکەم

# شیعری نەیتیڤی کەنەدی

## سێبەری خەون

گریگۆر سکۆفیلد

ئەم خەونە دەبێ مانای چی بێ، وریاکردنەوەیە؟
شتێک لەناخمدا گۆڕا
بەوپەڕی وریاییەوە سەفەر دەکەم بۆ دیدەنی
دوورتر لەوەی کە دەمەوێ.
گەڕان بەشوێن سێبەر لەناو گزنگدا بێ ئومێدی یە.
ئێستا دەخوازم دەموچاوت بناسمەوە
وەکو هەمان ئەو سیمایەی دەڕوانێتە من وەختێ
لەچێشتخانەیەکی ناوەندی شار شیعر دەنووسم.
چەشنی هەستێکی نامۆ
دوێنێ شەو لە دەرگای حەوشە ،بێدەمامک تەماشای کردم
وەکو ئەوەی هاوبەشی ڕابردوویەکی ڕاڕابین، خەونم پێوە دەبینی.
سەیرە، لەتوانامدا نەبوو وەک سێبەرێکی گرمۆڵەبوو بتبینم.

گریگۆری سکۆفیلد شاعیر و شانۆکار و چیرۆکنووسە لە بریتش کۆڵۆمبیا ساڵی ١٩٦٦ لە دایک بووە ولە باکووری پارێزگای مانیتۆبا و لە باکووری ساسکاچوان و یۆکن گەورە بووە، ئێستاش لە مەیپڵ ریچ لە پارێزگای بریتش کۆڵۆمبیا دەژێت. دوو درامای ڕادیۆیی هەیە کەلەلایەن CBC بەرهەم هێنراوە.

لە بلاوکراوەکانی گریگۆری:

یەک: ئاپورە (The Gathering) ساڵی ١٩٩٣



دوو: گۆرانییەکانی ئوربان ڕێز (Songs from Urban Rez) ساڵی ١٩٩٦

سێ: دەرمانی خۆشەویستی و گۆرانییەک (Love Medicine and One Song) ساڵی ١٩٩٧

گریگۆری دەڵێت من شاعیرم، شاعیرێکی سیاسیم، شاعیرێکی تووڕەم. دەنگی من دەنگی هەموو کۆمیونیتییەکانە، دەنگی هەموو قسەکەرە بەساڵاچووەکانە، دەنگی من دەنگی نەنک و باپیرمە، دەنگی گۆرانییەکی بچکۆلەی کۆمەڵگایەکی بەهێزە. شایانی ئاماژە پێکردنە گریگۆری خوێندنی ئەکادیمی لە هیچ زانکۆیەک نەخوێندووە، بەڵام ڕۆشنبیرییەکی قووڵی پێیە.

## بەرایی تر

کریستۆس

کاتێ پرسیاری لێ کردم، سەعات چەندە؟
وتم نارەحەتم مەکە
بیر لە ئافرەتی جوان دەکەمەوە.

لەدەستدا نەبوونی سەعاتی فەرامۆش کرد.
تووڕە بوونەکەی زیاد بوو
منیش تووڕەبوونەکەیم فڕێ دایە نێو تەنەکەی بیرچوونەوەوە!
من تا ئێستاش...
هەر بیر لە ژنی جوان دەکەمەوە.

## لەناو پاس دا

کریستۆس

پاسەکە پڕ بوو لە خەڵک، تەنها نەیتڤی تیا نەبوو

هاوارم کرد
ئەها ئەوە هەڵۆکەیە.
گشت ئاوڕیان لێ دامەوە بۆ ئەو دڵە کوتێیەی کە هەستت بەترسیان دەکرد.
پاشان خێرا وەک مایکرۆوەیڤ...
دەموچاوە مەییوەکانیان گەرم بۆوە و هاتەوە دۆخی ئاسایی.
دەیان ڕوانیم وەکو ئەوەی شێت بم
جا لە ئێستاوە
من هەڵۆکانم بۆ خودی خۆم هەڵدەگرم!

## ئا لێرەدا لەدایک بووم

بەڵام ئەمە هی من نییە...
فرمێسکەکان وەکو ئەو هەوڵیان دەدا بەئینگلیزی بئاخڤن
کە زمانی یەکەمیان نییە
وشەکانی زێدی خۆیان بیر نایەتەوە.
بڕیاری دابوو نەپەیڤێ چونکە گاڵتەیان پێ دەکرد.
مانای چییە وەختێ زمانمان قفڵ دەکەن.
کاتێک زمانمان دەبەن، ژیانمان لێ دەسێننەوە.
نەک هەر زمان، بەڵکو هەموو شتێکمان دەبەن.
ئەندامانی خێزانەکەم وایان کرد



لەقوتابخانەدا نەیان توانی دەربارەی خۆیان بدوێن.
چونکە پێیان پێدەکەنین.
گریانێک لە دەموچاوی دەتەقێتەوە.
شەرمم بەخۆم هات و گاڵتەم بەدایکم کرد و
پاش ماوەیەک
منیش لە قسەکردن وەستام.

## ڕەنگی پێستی دایکم ئەسمەر بوو

ماریا ئانهێرت

سەرنجی ئەوەم نەدەدا کە دەبێ ڕۆژێک سەبارەت بەنەیتیڤ بپرسم
دەشێ وشەیەکم گوێ لێ بووبێ
خوا... مرۆڤی برژاندووە
پیاوە سپی پێستەکە نیوە-برژاو بوو
نەیتیڤەکانیش ڕەنگی دروستی خۆیان بوو، نەک زۆر برژاو
دەمزانی کە ڕەنگی پێستی زۆر گونجاوە

ماریا ئانهێرت بەیەکەر شاعیر و مامۆستا و هەڵسوڕاوە، لە ئەنیشنەیب ساڵی ١٩٤٢ لە دایک بووە و لە وینیپیگ گەورە بووە شیعرەکانی ئاوێتەی کلتووری نەیتڤ و ژیانی واقیعی سەر جادەکانە. ماریا ئێستا لە (ڕیجاینە) پایتەختی پارێزگای مانیتۆبا دەژێت. لەبڵاوکراوەکانی:

یەک: لەسەر مانگ بوون ١٩٩٠

دوو: Coyote Columbus Café ساڵی ١٩٩٤

سێ: شانۆنامەی Alternative ساڵی ١٩٩٤ کە تاکە شانۆنامەی

نەیتیڤە. ماریا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری گرووپی نووسەرانی ئەبرۆجینەڵ –نەیتیڤی ڕیجاینە بوو. ماریا کوڕێکی هەیە و ئەویش نووسەرە.

## قسەکردنم ون کرد

ڕیتا جۆو(Rita Joe)

قسە کردنم ون کرد
ئەو قسەکردنەی کەتۆ لێت دوورخستمەوە
کاتێ کە کیژێکی بچکۆلانە بووم لە قوتابخانەی (شەپێنەگەدای).
تۆ لێت ڕفاندم
من وەکو تۆ قسە دەکەم.
هەر وەکە تۆش بیردەکەمەوە.
چەشنی تۆ ئەو هۆزانە دادەهێنم کە دەربارەی وشەکانە.
بەدوو ڕێگا قسە دەکەم...
بەهەردوو ڕێگاکەش دەدوێم
کەچی ڕێگای تۆ زۆر بەهێزترە لەوەی من.
جا بەهێواشی من دەستم درێژ دەکەم و دەپرسم
لێم گەڕێ با وتەکانم بدۆزمەوە
تا بتوانم دەربارە خۆم فێرت بکەم.؟
من نەیتیڤم
ڕیتا جۆو
من ئەو نەیتیڤەم
کە قورسایی
لە تەنیشتم پاڵ کەوتووە



ڕیتا جۆو ژنە شاعیری نەیتیڤ لە ١٥ی مارتی ١٩٣٢ لە پارێزگای (نۆڤە سکۆشیا) لە دایک بووە. لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا دەچێتە قوتابخانەی نەیتیڤ لە (Shubenacadie). ئەم قوتابخانەیە ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە ژیانی ڕیتادا. پاش تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی پرۆگرامی ڕۆشنبیری بزنس و هەروەها کۆرسی نووسین و خوێندنی لە زانکۆی (کەیپ برێتۆن) تەواو کرد. ساڵی ١٩٤٧ڕیتا دەچێتە نێو پێشبڕکێی فیدراسیۆنی نووسەرانی نۆڤە سکۆشیا و بوونی بەنووسەری نەیتیڤی لێپرسراوییەتێکی ماناداربوو بۆ ڕیتا.

لە بڵاوکراوەکانی:

یەک: شیعرەکانی ڕیتا جۆو(Poem of Rita Joe) ساڵی ١٩٧٨

دوو: گۆرانییەکانی ئەسکیمۆ ساڵی ١٩٨٨

سێ: لنو و نەیتیڤەکان (Lnu and Indians) ساڵی ١٩٩١

چوار: کتێبێکی تر بەکۆمەکی (لیین هێنری) (Autobiography pf a Mi’kmaq poet) ساڵی ١٩٩٦

ناوەڕۆکی شیعرەکانی ڕیتا جۆو دەوڵەمەندە بەمەغزای سیاسی، ڕیتا هەمیشە پاڵپشت و پشتیوانی نەیتیڤەکانی کەنەدایە. ڕیتا ئێستا لە پارێزگای نۆڤە سکۆشیا دەژێت.

## چەند شیعرێکی ڕۆناڵد کیۆن

سەرەتا خۆشەویستی و
ئاسایش
پاشان شەڕ
لەوێوە ڕادەبەدەر و
بەردەوام و
دووبارە
بۆ هەمیشە
تا بازنەکە دەلکێ بە
پێویستییە پلاستیکییەکانی کۆمەڵگاوە!

***

تۆ هەمیشە دەتوانی بژی
بەبێ پارە
بەبێ
هاوڕێ
یان بەبێ سۆزی نامۆیی خەڵک
تۆ دەژییت
بەڵام زۆر نا.

***

خۆشەویستم
لێرە زۆر چاوەڕێم کردی
ئێستاکەش



کە دێی
من خەریکی هەنگاو نانم بۆ دۆزینەوەی
دیمەنێکی دڵگیرتر.

***

لە دەرک دا
لەخۆشترین ساڵەکانی ژیانم
دوا کەوتم
لە سەرەتای لاویم دا
مرۆڤێکی ڕاستەقینە بووم
دەمتوانی پێ بکەنم
دەمتوانی بگریم
دەمتوانی هەڵبێم
دەمتوانی چیم بوێ بیکەم.

***

خەونێکی تر
ئاواتێکی تر
تۆ بڵێی خەونەکان بێنە دی؟
بەتەنیا لەنێو خەونەکان
لە نێو هیوا و تەم و مژا
تەنها دەژین و
هەرگیز ئەو خاکە بێ گەرد و
پیرۆزە جێ ناهێڵێن!.

***

مەبە بەپیاوێکی کەللە ڕەق

بەڵکو ببە بەپیاوێکی ڕۆحی و
پاشان ببە بەڕۆحی نەمری.

***

بڕۆ دەرێ و
وورد بەرەوە لەم جیهانە
جیاواز تر و
ئاسانترە
لنگە و قووچە.

***

من تەنها
زاتێکی بچووکی تەنیام
لە ئاپوورەی گۆشەگیری
کە پێی دەڵێن خودی خۆم.

تێبینی: ڕۆناڵد کیۆن شاعیرێکی نەیتیڤی کەنەدییە و لە ٢٤ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٥٣لە کەنەدا لە دایک بووە. ڕۆناڵد بێجگە لە شیعر خەریکی کاری هونەری بووە لە گۆڤاری (Canadian Indian cultural Mag).

هەروەها ئەم شیعرانە بێ ناونیشانن و من ێ........ێ م بۆ داناون تا خوێنەر خۆی ناونیشانی گونجاوی بۆ دابنێ. ئەم شیعرانە کورتن و دەرخەری تێڕوانینی فەلسەفی شاعیرن بۆ ژیان.



## وەین کیۆن شاعیری ئۆجیبوایی

وەین کیۆن شاعیر و توێژەرەوەی دارایی لە ساڵی ١٩٤٦ لە کەنەدا لە دایک بووە. تا ئێستا چوار کۆمەڵە شیعری بڵاوکردۆتەوە. شیعرەکانی بەشێوەیەکی بەربڵاو لە گۆڤار و ڕۆژنامە ئەدەبییەکانی کەنەدا بڵاوکراوەتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعری وەین کیۆن ئەوەیە کە زۆر سادەیە و زمانی ڕۆژانەی خەڵکی بەکار دەهێنێ ولە لایەکی ترەوە خودی ئەو زمانە ناشازە کە ئەمە لەلایەک ئاسان و لەلایەکی تر زەحمەتییەکی زۆری هێنایە ڕێم بۆ وەرگێڕان، چونکە زمانی ڕۆژانە (جلفی)ڕێساکانی ڕێزمان دەشکێنێ، دیارە وەرگێڕانی ئەم جۆرە کارانە سەختە. تایبەتمەندییەکی تری شیعرەکانی وەین کیۆن پەیوەست بوونە بەکلتوور و داب و نەریتی نەیتیڤەکانی کەنەدا وێناکردنی ژیان و خەمەکانی ئەم مرۆڤانەیە. ئەم شاعیرە توانایەکی زۆری پێیە وردبوونەوەی زۆری دەوێ. جا با بزانین ئەم شاعیرە لە کوێی سەرنج و تێروانینەکانی ڕەخنەگران و نووسەرانی کەنەدی دەوەستێ؟

سوزانا میسۆد لە (The Journal) دەنووسێ (شیعرەکانی وەین کیۆن درێژ بوونەوەیە لە حەماسەوە بەرەو تێڕامانی قووڵ، داهێنانێکی مەزنی هەست دەربڕینە).

ئەلیزابیس فیلیپس دەڵێ:

(گۆرانییەکانی کیۆن لە خۆشی و نا خۆشی، لە یەک کاتدا بەزمانێکی سادە و ئاڵۆز، کێشدار و ناشاز نووسراون. ئەم شیعرانە هەم ورد و هەم خۆشەویستن وەکو ڕاستگۆیی، نەک تەنیا زۆر بزێون، بەڵکو خێران بۆ گۆڕینی جەوهەری سەختییەکانی ژیان. وشەکانی کیۆن نەک تەنیا ڕوو بەو ڕزگار بووانەیە کە (نەیتیڤن)،

بەڵکو بۆ گشت زەوی و هەموو شتە زیندوو و مردووەکانە).

ئەندرۆ وەین ڕایت سەبارەت بەشیعرەکانی وەین کیۆن دەنووسێ (وەین کیۆن سەما بەوشە دەکات لە میانی دیمەنی سروشتی،مێژوو،ئەفسانە و پەیوەندی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتییەوە کە دڵ و مێشک لە خاڵێکدا یەک دەگرنەوە)

هەروەها جەنیفەر. س. ئارمستڕۆنگ سەبارەت بەبڵاوبوونەوەی کۆمەڵە شیعرێکی وەین کیۆن دەڵێ(نوێترین کۆمەڵە شیعری وەین کیۆن، کۆمەڵێ وشەی درەوشاوەن،کە توانای گۆڕین و وزەبەخشینیان هەیە بۆ پێکەوە گرێدانی هەموو پارچە درەوشاوەکان.

جیهانی ئەم وشانە سەرنجم ڕادەکێشێ

جوان هارکۆرت دەنووسێ(شیعرە قەشەنگ و سادەکانی وەین کیۆن مالۆچکەی ئەڤینێکی گڕگرتووی بەهێزن. ئەم تواناییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاخاوتنی سادە و ڕوون. لە میانی ئەم چەمک و وشە زۆر سادانەدا وەک وەین کیۆن نەخشەی بۆ دەکێشێ لە برسێتییەوە بەرەو خۆشنوودی و لە خەم و پەژارەوە بۆ پاکژبوونەوە دەڕوات. تابلۆ ڕوونەکانی جیهانیی هەموو ڕۆژەی وەین کیۆن هەوڵێکە لە میانی گۆڕین بەهۆی سۆفیگەرێتیی کلتووری ئۆجیبواییەوە)

گیری هۆبسۆن لە زانکۆی ئۆکلاهۆماوە دەنووسێ (جیهان بۆ وەین کیۆن چەمکێکی ترە کە بەئاسانی مامڵەی لە تەکدا دەکات)

بێجگە لەمانەش و. هـ. نیو لە (Canadian literature) (ئەدەبی کەنەدی)دا سەبارەت بەشیعرەکانی وەین کیۆن دەڵێ(وەین کیۆن ئەو دەنگەیە ئەوە دەخوازێ و شایانی ئەوەیە کە زۆر بەجدی بخوێنرێتەوە).



وەین کیۆن هەنگاوەکانی وردن، بەڵام ئەندێشەکانی بەرفراوانن لە دوو توێی خوێندنەوەی وردی شیعرەکانی ئاشنات دەکات بەکلتوور و جیهانی نەیتیڤەکانی کەنەدا.

## گۆرانی ئەلگۆ نیکیۆن

تۆ پێت وتم
خۆشم ویستووی
تۆ پێت وتم
هەرگیز کەسی ترم خۆش نەویستووە
ئێستا دەزانم
کەسێکی ترت خۆش دەوێ
جارێکی تر هەرگیز لە دەرگاکەت نادەم.

## بۆ لیندا

لە دوورەوە....
چرچ و لۆچ و
شەکەتیم لە سیماتا
بەدی کرد و
وام هەست دەکرد
مۆمێکی داگیرساوم دی بەلێوانتەوە
دووکەڵی سپی بوو،وەکو بەفر
گوێم لە دەنگی هەناسەیەکی ماندوو بوو
وەکو خوناو

گەر بمتوانیایە فرمێسک و ئەستێرە بدۆزمەوە
لەم دوورەوە بۆم ڕاپێچ دەدای
لێرەوە بۆم ڕاپێچ دەدای.

## پاڕانەوەی جەنگاوەرێک

ئۆه... نهێنییە مەزنەکە
یان ئەوەی بەسەر سەرمەوەیە
گوێم بۆ ڕادێرە
بۆ ئەوەی لەبەردەمی تۆدا
بە ملکەچی و گوێ ڕایەڵی بوەستم
هێزم پێ ببەخشە
بۆ جەنگێن لە دژی دووژمنەکانم
لە هێزی خۆت بەهرەمەندم بکە
بۆ داکۆکی کردن لەوەی خۆشم دەوێ
یارمەتیم بدە
لاوازییم کۆتایی بێ
ناودارم
بکە.

## وەرزەکان

وەرزەکان بەسەر چوون
کاتێ کە ساڵە کورتەکان
شوێن پێی دێر زەمان کەوتن



ئێمە دووبارە دەژێینەوە
بۆ ئەوەی جارێکی تر
لەو وەرزانەی کە دێن و دەڕۆن
بگەینەوە یەک

## ڕۆژی سەری ساڵ

پێم خۆش نییە
جارێکی تر
دەرفەتی ئەوەم هەبێ
بژێمەوە.
کەچی گوێ ببیستی زۆر حەز بووم
گەر ئەو دەرفەتەم بدەنێ، بژێمەوە
هەموو شتێک جیاواز دەبێ
یاخود بەسەر ئەو شتانە دا دەچمەوە
کە کردوومن
بەڵام ڕقم دەبێتەوە
خەڵکی ببینم ئازار دەچێژن.

## فێری سەما کردنم بکە

فێری ڕۆمانسم بکە
بمبەرە ئەو سەر کۆڵان و
پێم بڵێ من تەنها بۆ تۆم
فێری ستران چڕینم بکە

هەموو شتێکم فێر بکە
پێم بڵێ بۆ ڕەنگی ئاسمان شینە و
پێم بڵێ من تەنها بۆ تۆم

فێری پێکەنینم بکە
فێرم بکە بگەڕێمەوە
پێم بڵێ جیهان بۆچی نوێیە و
پێم بڵێ من تەنها بۆ تۆم

فێری هەناسە هەڵکێشانم بکە
فێرم بکە چۆن بگریم
پێم بڵێ بۆ خۆشەویستی ڕەنگی شینە
دڵەکەم من عاشقی تۆم.

## ڕوانین لە شەو

زۆر لە مێژە
دەڕوانمە شەو
چاوەکانم بوون بە
دوو ئەستێرەی سووتاو
کەچی هەتاو
دووبارە و سێ بارە
هەر هەڵدێت و
ئاوا دەبێت.



## گفتوگۆی ڕۆژانە

شەممە... سەرلەبەیانی
ڕاستە دڵەکەم
هەر من و تۆین
لە بنچینەدا دژ بەجیهانین
لەو ساتەی
کە کەنارێک داڵدەمان دەدا.

سێ شەممە...دوای نیوەڕۆ
بەڵێ
تا ئێستاش هەر من و تۆین
دژ بەجیهان
لێم ببوورە
ئەوە خەتای من نییە کە دەدۆڕێین.

## توانا و جادوو

تۆ جارێکی تر
پێت وتم
توانای هەبوو
و
هیچی نەوت
بەر لە چیا
من زەنگی کۆتاییم لێ دا

تواناى هەبوو
و
هیچی نەووت
دەملاواندەوە لە کەنار ئۆقیانووسدا
تواناى هەبوو
و
هیچی نەوت
هەولّم دا بگەمە ئاسمان
تواناى هەبوو
و
هیچی نەوت
تۆ درووست بووى
سەبارەت بەهێز
کەچی هەردووکمان لەبارەى
توانا و جادووەوە دەزانین
ئێستاش پاش هەموو ئەمانە
هەر هیچ نالّێین.

## درەوشانەوە

لە ئاسمان ورد دەبمەوە
مانگ ڕووى خۆیم نیشان دەدا
ئەستێرەکانیش بۆ تۆ
لە دەریا ورد دەبمەوە



هەلّکشان و داکشانی ئاو خێرا دەبێ
شەپۆلّەکانیش بۆ من
سەرنج لە کازیوە دەگرم
خۆر هەلّدێت و
بۆ هەمیشە دەدرەوشێتەوە.

## تۆ دەتزانی

تۆ دەتزانی
قژی ئەو کچە زەرد بوو
چەند بایەخی پێ دەدا
یان تەنانەت دەتزانی
کە چەند درێژ بوو
هەروەها تۆ بۆ جارێکیش
جوانییەکەیت دواندووە
پێویست ناکا بزانی مرد
هەر بەو قژە، درێژە،
جوانە زەردە
خۆی هەلّواسی
وەختێ کەس بایەخی پێ نەدا

## ئەگەر ڕۆژێ گوێ بیست بم

ئەگەر ڕۆژێ گوێ بیست بم...
خۆشەویستیت لەگەڵ بێ ڕەنگیدا ڕۆیشتووە
من لەم کەلاوەیەدا،
لەگەڵ سیحری ئۆجیبوایی بۆت دێمە دەرێ.

ئەگەر ڕۆژێ گوێ بیست بم...
خۆشەویستیت بەبێ باراندا ڕۆیشتووە
من لەم کەلاوەیەدا،
لەگەڵ ڕووباری ئۆجیبوایی بۆت دێمە دەرێ.

(١)

ئەگەر ڕۆژێ گوێ بیست بم...
خۆشەویستیت بۆ ناخی دەریادا ڕۆیشتووە
من لەم کەلاوەیەدا،
لەگەڵ زەوی بۆت دێمە دەرێ.

ئەگەر ڕۆژێ گوێ بیست بم...
خۆشەویستیت لەنیوە شەودا ڕۆیشتووە
من لەم کەلاوەیەدا،
لەگەڵ ئەستێرەکان بۆت دێمە دەرێ.



پەراوێزەکان

ئۆجیبوەی: شوێنی ئینتمای کلتووری و عرقی شاعیرە.

نەیتیڤ: پاشماوەی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەن کە لەسەر خاکی کەنەدا و ئەمریکا دەژیان بەر لە داگیرکردنیان لە لایەن بەریتانیا و فەرەنسا.

هیندی: هەر مەبەست نەیتڤە.

وەین کوینی ئۆجیبوایی لەساڵی ١٩٤٦ لە ئۆتاوا لەدایک بووە. وەین لەگەڵ هەستێکی کلتووری نەیتیڤی مەزن گەورە بووە. وەین دەچێتە قوتابخانەی ئامادەیی لە (Elliot Lake) ئەو شوێنەی کە باوکی کاری لێ دەکرد و وەینیش هاوینان لەو کارگەیە کاری دەکرد و لە پەیمانگای تەکنەلۆژی باکوور خوێندنی Business administration تەواو کرد.

سەرەتای دەستپێکردنی کاری ئەدەبی وەین لەوێوە دەست پێ دەکات وەختێک باوکی چەند شیعرێکی پێدا بۆ بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی قوتابخانەکەی، کەچی وەین بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردنەوە،بەڵام کاتێک دانی بەفێڵەکەی دانا کەوتە کۆشش بۆ نووسین و گەشەکردنی خودی خۆی تا توانی ببێتە دەنگێکی مەزن لە نێوەندی شیعری کەنەدییدا. لە بڵاوکراوەکانی:

یەک: Sweetgrass ساڵی ١٩٧٢

دوو: Thunderbirds of the Ottawa ساڵی ١٩٧٧

سێ: Sweetgrass II 1990

چوار: Storm Dancer ساڵی ١٩٩٣

پێنج: My sweet Maize ساڵی ١٩٩٧

یەکەمین کتێبی لەگەڵ باوکی و براکەی بەچاپ گەیاند. وەین سەبارەت بەم کتێبە دەڵێت ئێمە، من و باوکم و براکەم هەرگیز

دابونەریت و مێژووی کلتووری نەیتیڤمان وەکو حیکایەتخوان و گێڕەرەوەی چیرۆک وەرنەگرتووە، بەڵکو وەک باکگراوندێک بەهای ترادیسیۆن و ڕۆحی کلتووری خەڵکی نەیتیڤمان تەوزیف کردووە.
وەین کوین ئێستا لە شاری تۆرۆنتۆ دەژێت لەکەنەدا و خۆی بەداکۆکیکەر لە خەڵکی نەیتیڤ دەزانێت و خۆی سەر بەکۆمەڵەی پان ئەمریکان نەیتیڤ دادەنێت.

## گۆرانی سوسکە

(کاتێری ئەکیوێنزی-دام)

وەرە بۆ لام
خۆشەویستم بانگت دەکەمش
گوێ لەگۆرانییەکەم بگرە
شیرینەکە، منیش تەپڵ لێدەدەم
لەنزیک قامیشەکانەوە
ئازیزەکە، چاوەڕوانم
وەرە بۆ لام
خۆشەویستم بانگت دەکەم.

ژنە شاعیری نەیتیڤ کاتێری دام لە ساڵی **١٩٦٥** لە تۆرۆنتۆ لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی هەر لە ئۆنتاریۆ تەواو دەکات تا لە ساڵی **١٩٨٧** بەکالۆریۆس لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی یۆرک وەردەگرێت و دوواتر ماستەر لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی ئۆتاوا لە **١٩٩٦** وەردەگرێت. لە هەمان ساڵ لە پارێزگای بریتش کۆلۆمبیا دەستی کرد بەوانە وتنەوە. پاش گەشتێک بۆ نیوزیلاند دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی دامەزراند



بۆ دیزاین و لە چاپدانی بەرهەمی نووسەران و هونەرمەندان و لەهەمان کاتدا ڕاوێژکاری کۆمیونیکەیشنی نەیتیڤەکان بوو. کاتێری دام کتێبی Skin: Contemporary Indigenous Writing کە ساڵی ٢٠٠١ بڵاوکردەوە کە هەڵبژاردەی نووسینی نیوزیلاند و ئوسترالیا و باکووری ئەمریکایە. یەکەم بەرهەمی شیعری My Heart is a Stray Bullet لە ساڵی **١٩٩٣** بڵاوکردەوە. کاتێری دام ئێستاش سەرقاڵی چاپخانەکەی و نووسینە.

## بەر لە من

(جۆزیف داندوراند-Joseph A. Dandurand)

دەربارەی ڕابردوو کتێب بخوێنەرەوە
بۆ من بڕێک واقیعیانە دێتە بەرچاو بڕۆم بۆ ئەوێ
من ڕۆیشتم
بۆ دەوروبەری ١٩٠٠
کاتێکی کۆن
گەڕانەوە بۆ ئەوسا، پێش من و پێشتریش
ڕووبارەکان وەکو خۆیان بوون
غەددار، بێدەنگ، نابەخشندە
دارەکان لە ئێستا زیاتر بوون
هەڵۆ زۆرتر و
ئاسک، ماسی، مرۆڤەکانیش بەسیماوە بوون
بینییانم ڕەونەق دیار بوون
نەک وەک ئێستا

نەک وەک مرۆڤەکانی ئێستا
ویستم لەگەڵیاندا بدوێم
بەڵام ڕووبارەکە هات و بردمی
بردمی بەرەو خوار
وابزانم پێڵاوەکانم داکەنران
پەنجەکانی پێم بەر ژێر ڕووبارەکە کەوتن
کە بەئاگا هاتمەوە
ڕەونەقێک بەرەو لام هات و وتی هەرگیز
هەرگیز نەیڵێی
"چی نەڵێم؟"
وەڵام نەبوو.
"چی نەڵێم؟"
تەنیا ئاو.
پێڵاوەکانم دۆزییەوە
لەنزیک قەرەوێڵەکەمەوە بوو
لە هەمان شوێن کە جێم هێشتبوون.
ڕابردووەکە
پێشتر و بەر لەمن
تەماوی و نایەکسان بوو.
داهاتوو
لەدوای من و دواتریش
لەو بڕوایەدام پاش مردنیش هەر وابێت.
نەمرە ئاو و



بۆیە و دەموچاو و
مرۆڤی دەموچاو بۆیەکراو.
خوشکان و برایان
گۆرانییەکان دەگرین
تەپڵی ڕابردوو لێ دەدەن
هەرگیز
هەرگیز کتێب دەربارەی ڕابردووت مەخوێنەوە
تۆ دەبیتە ئەو و
ئەویش دەبێتە تۆ.
دەموچاوم بۆیەی پێوەیە.
دەنگم گۆرانییەکەمی هەیە.
چاوەکانیشم
هەرگیزا و هەرگیز لێناگەڕێن بڕۆن.

## کەسێک

(جۆزیف داندوراند)

کەسێک هەیە دەڕوات و لێم دووردەکەوێتەوە
لەو کەنارەوە ون دەبێت
هەرگیز پێشتر نەم بینیوە.
وەکو ئەوەی ڕۆژانێک
قەت نەمزانیبێ تۆ ئاگاداربوویێتی
قەت نەمزانیبێ.
بەسەرێک من زەویم خۆش دەوێت

پیس و تەنک و بێهێز و
قەراغ داهێزراو
بەسەرێکی تریشەوە من هیچ شتێکم خۆش ناوێت.
وەکو ونبوونی جەستەی
خەیاڵی کەسێکی تر.

جۆزێف دوندوراند شاعیر و شانۆنامە نووسە لە ساڵی ١٩٦٤لە لانگلی لە پارێزگای بریتیش کۆڵۆمبیا لەدایک بووە. بڕوانامەی دیبلۆمی لە هونەری نمایش لە کۆلیژی ئەلگۆنکوین و بەکالۆریۆسی لە هونەری شانۆ و دەرهێنان لە زانکۆی ئۆتاوا وەرگرتووە. بەرهەمە شانۆییەکانی ئەمانەن:

یەک: Cracker and Soup ساڵی ١٩٩٤

دوو: No Totem for My Story ساڵی ١٩٩٥

سێ: Where Two Rivers Meet ساڵی ١٩٩٥

شیعرەکانی جۆزێف دوندوراند لەم کتێبانەوە کەوتنە بەرچاو:

یەک: Voices from Home ساڵی ١٩٩٤

دوو: Gatherings ساڵی ١٩٩٤

سێ: The Upside Down Raven ساڵی ١٩٩٤

چوار: Burning for the dead and scratching for the poor ساڵی ١٩٩٥.



## وەڵامی پرسیاری بۆچی

(ڕاندی لوندی)

گەر لێت بپرسیمایە
وەڵامەکەم ئاوا دەبوو
"گوناهی وەرزەکە بوو"
وەکو کاکڵی دارەکان فڕێدران
باڵندەکان لەگەڵ هەتاودا فڕین و
دەنگەکانیشیان جێهێشت دوور لە گوێیە بێنەواکانمان
وەک ڕووبارەکە دەڕوات بەرەو نائارامی
ورچەکانیش خەون دەبینن کە لاوازن
لەنێو ڕەگی دار و بەرددا.
ئێمەش بەشێکین لەم دیمەنە.

ڕاندی لوندی لە ساڵی ١٩٦٧ لە پارێزگای مانیتۆبە لە دایک بووە. لە تەمەنی نۆ ساڵی لەگەڵ خێزانەکەی دەچێتە Hudson Bay و پارێزگای ساسکاچوان و هەر لەوێ دەمێنێتەوە تا لە قوتابخانە دەگاتە دواناوەندی. هەر لەو کاتەوە دەست بەنووسینی شیعر دەکات. لە ١٩٨٧ دەچێتە زانکۆی ساسکاچوان بۆ خوێندنی ئایین و فەلسەفە. پاشان بەکالۆریۆس و ماستەری لە ئەدەبی ئینگلیزی وەرگرت. ڕاندی سەرسام بوو بەم نووسەرانە جیۆرجی سکۆفیلد و دانیاڵ دەیڤد و مارگریت ئاتوود و پابلۆ نێرودا و پەتریک لەین و تیم لیلبێرن. ڕاندی ئێستاش لە شاری ڕیجاینە لە پارێزگای مانیتۆبا دەژێت. تا ئێستا یەک کتێبی شیعری بڵاوکردۆتەوە بەناوی Under the Night Sun لە ساڵی ١٩٩٩.

## دەڕوات بۆ دوور

(سەرین ستامپ– Sarain Stump)

بۆ دوور دەڕوات
زۆر زۆر دوور
بێئەوەی کەسێک بەسەر کلکییەوە بێت
ددانی مار، باڵی باڵندەکان
(شامان) بەرەو دوور دەڕوات.

شامان: (ئایین) چییەکە سیحر بەکار دەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی و دۆزینەوەی حەشارگە و کۆنترۆڵکردنی ڕووداو. (و. ک)

## وەکو دەستە بچکۆلەکان

(سەرین ستامپ)

گوڵەکان وەک دەستە بچکۆلەکان
هەڵوەرینە سەر زەوی
بۆ دزینی دڵۆپەکانی خۆرەتاو.

## سەمای بازنەیی

(سەرین ستامپ)

ئەم بازنەیە بەر لەتەواوبوونی گۆرانییەکە
مەپچڕێنن
چونکە خەڵکەکانمان
تەنانەت ئەوانەی لەمێژیشە کۆچیان کردووە
هەر هەموو دەستیان گرتووە.



سەراین ستەمپ لە ساڵی ١٩٤٥ لە دایک بووە. کاتێک گەورە بوو حەزی لە چیرۆکی کۆن بوو و لەسەر زەرفی بەقاڵی دەکەوتە وێنە کێشانیان. دوواتر کەوتە خولیای تابلۆ و هونەری شێوەکار لە باشووری خۆرئاوا وەکو(Allan Houser and Quinchy Ta-homa) و هەروەها لە ئاستی ئەوروپاشدا حەزی لە پیکاسۆ و Hieronymous Bosch بوو، تەنانەت لە کتێبی (There is Sleeping My People)دا دەنووسێت پیکاسۆ زۆر لە هونەری ئێمەی برد، سەراین زۆربەی کات لە پارێزگای ئەلبێرتا گوزەرانی کردووە کاتێک لە کێڵگەدا کاری کردووە و هەروەها لە پارێزگای ساسکاچوانیش ژیاوە وەختێک وانەی هونەری لە مەڵبەندی کلتووری نەیتیڤەکانی ساسکاچوان دەووتەوە.

ستامپ یەکەم کتێبی شیعری بەوێنەی تەوزیحییەوە لە ساڵی ١٩٧٠دا لەژێر ناوی There is My People Sleeping. بڵاوکردەوە. کارە هونەرییەکانی لە پێشانگاکاندا لە ئاستێکی بەرفراواندا نیشاندران. لە ساڵی ١٩٧٤ بەرگێکی تایبەتیی لە شیعرەکانی بەناوی TAWOW بڵاودەکاتەوە. ستامپ لە شیعرەکانیدا زمانی ڕۆژانە و وێنەی شیعری بەرجەستە بەکاردەهێنێت بۆ وروژاندنی بارودۆخی ئاڵۆزاوی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان.

سەراین ستامپ لە ساڵی ١٩٧٤ لە ترۆپکی داهێنان و لاوێتیداماڵئاوایی لە ژیان کرد.

## بۆ مێنلۆ

(سکای ڕۆز بروس: مەهارا ئۆڵییێرت)

ئەو ڕۆژە پێم وتی
ئەوە زامەکانی سەر مەچەکمن
لەوەوە پەیدا بوون
کاتێک باڵندە بووم
فڕیم بەنێو شوشەبەندا.

سکای بروس ژنە شاعیرێکی نەیتیڤی خەڵکی شاری ڤانکۆڤەرە و لە ساڵی لە ڤانکۆڤەر ١٩٥٠ لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٧٧ ناوی خۆی گۆڕی بۆ مەهارا ئۆڵبرێتئیتر لەوساوە هەر بەمەهارا دەناسرێت. مەهارا لەلای نەنک و باپیری گەورە بووە نەنکی هانی دەدات بۆ نووسین و بەنووسینەکانی پاوڵە جۆنسنی ئاشنا دەکات. مەهارا قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەیی لە North Vancouver تەواو دەکات و پاشان زانکۆی Simon Fraser Universityلە ساڵی ١٩٦٩ تەواو دەکات. مەهارا هەر لەیەکەم ساڵی ئامادەییەوە (واتە پۆلی دووی ناوەندی کوردستان- وەرگێڕی کوردی) دەست دەکات بەنووسین و داهێنان بەپیشتوانیی مامۆستای زمانی ئینگلیزی Bill Woodward و دواتریش هەر لەرێگەی هەمان مامۆستاوە پرۆفیسۆر زانکۆ Lionel Kearns دەناسێت کە دواتر کۆمەڵە شیعرێکی بۆ چاپ دەکات لەژێر ناوی شیعرەکانی کەلالا Kalala Poems (کەلالا بەزمانی سالیشی کە جۆرێکە لە زمانی نەیتیڤ واتای پەپوولە دەگرێتەوە. وەرگێڕی کوردی). مەهارا لە دەیەکانی شەستەکان و حەفتاکاندا کەوتە بلاوکردنەوەی شیعر و خوێندنەوەی نووسینەکانی کەڵە نووسەرانی کەنەدی وەکو سیلڤیا پلات و



دۆرۆسی لیڤسەی و سەراین ستامپ و مارگریت ئاتوود و ڕیچارد براوتیگان. لە دەیەی حەفتاکاندا دەستی دایە یۆگاو خوێندنی هونەر لە پەیمانگای Emily Carr Institute of Art and Design. پاش ساڵی ١٩٩٤ کاتێک خێزانەکەی لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە دەگەڕێتەوە سەر نووسینی شیعر و نوێترین بەرهەمیشی بەناوی ئاپورەکان- Gatherings بلاوکردەوە.

کارە بەراییەکانی مەهارا نیشاندەری ناساندنی ناسنامەی نەیتیڤ بوون و ئەم ژنە شاعیرە نەیتیڤە ئێستا لە پارێزگای بریتش کۆلۆمبیا دەژێت.

## ئاوێنە

(ئارمەند گرانێت ڕافۆ)

لە کۆتاییدا
دەربازبوون مەحاڵە
(ئایا وتوومە دەرباز بوون هەیە؟)
هەمیشە ئەوە منم
گرنگ نییە چی دەکەم
بۆ گۆڕینی ڕوخسارم
چی لەناخمایە ئەو ناخەیە دەڕوانێتە دەرەوە.
هەموو شتێک دەبینم(ماڵ، خانەوادە،هاوڕێ، شەپۆڵ...)
ئەمە هۆی بەختیاریمە
بڕینی چەند میلێک بەبەلەم
بەسەر ڕووی زۆنگاوەکانداو
ڕۆیشتن بەرەو ڕەزمی دۆزەخ؟

سەوڵەکەم نقوم دەکەم و
بەتوندی ڕایدەکێشم،
ئاوەکەش بۆ خولەکێک شەپۆڵ دەکات و
خول دەخوات و
ئاوێنەکەی سواری بوومە
ورد دەبێت بۆ هەزاران پارچە.

## بۆ دەنووسم

(ئارمەند گرانێت ڕافو)

ئەتوانم لە ڕابردوودا بژیم و
گوزەرانێک بەدەست بێنم.
سمۆرەیەکی ئاوی بپارێزم
پڕوپاگەندەی وتووێژێک بکەم و،
سەرنجی خەڵک ڕابکێشم.
(٣٥٠٠٠)دانە بفرۆشم لە (٣) مانگدا و
(١٣٨) وانە لە (٨٨) ڕۆژدا بڵێمەوە.
بەسەر زیاتر لە (٤٣٥٠) میلدا گەشت بکەم و
پەڕ لەبەر بکەم و
ئارایشت بکەم و
گەمەی نەیتڤ بوون و نەیتڤ نەبوون بکەم و
بچم بۆ ئاهەنگ و
بچم بۆ گەشتو گوزاری بەریتانیا و
چاوم بکەوێ بەشا و شاژن



بەناوبانگ بم و
ببم بەئەلکوهولیک و
میرات بەجێبهێڵم و
ژنەکەم لەدەست بدەم و
تەنها بم!

تێبینی: لە وەرگێڕانی ئەم شیعرانەدا لەبری وشەی(هیندی) وشەی (نەیتڤ)م داناوە.

ئارمەند گرانێت ڕافۆ لە ساڵی ١٩٥٥ لە باکووری ئۆنتاریۆ لە دایک بووە. ئارمەند زۆربەی کاتەکانی بەڕاو و ماسیگرتنەوە بەسەر بردووە. کاتێکیش گەیشتۆتە زانکۆی یۆرک دەستی کردووە بەخوێندنی بایۆلۆژی،بەڵام شاعیر و ڕەخنەگر Eli Mandel هانی دەدا بەرەو ئەدەبی نەیتیڤ. پاش وەرگرتنی بەکالۆریۆس لە زانکۆی یۆرک لە ١٩٨٠ ئارمەند دەچێتە ئۆتاوا بۆ کارکردن لەگەڵ گۆڤاری Native Perspective و تێکەڵی ڕێکخراوە نەیتیڤەکان بوو. لەهەمان کاتدا ئارمەند کەوتە نووسینی شیعر. ئارمەند دەڵێت لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان، هەر بەرهەمێکی شیعریم دەنارد بۆ گۆڤارەکان ڕەفز دەکرایەوە و منیش بۆ ماوەیەک وازم لە نووسین هێنا. تا ڕۆژێک بەرهەمەکانم نارد بۆ (جۆرج ڕایگە) نووسەر لە زانکۆی ئۆتاوا، دواتر باشترین ئامۆژگاری کردم و گوتی (هەرگیز واز لە نووسین مەهێنە، خەڵکی چی دەڵێن با بڵێن).

پاش شارەزایی پەیداکردنی زیاتری ئارمەند لە The Banff Writer's Program لە ساڵی ١٩٨٩ کە بووە هۆی هاندانی زیاتری بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەب و نووسینی داهێنان لە زانکۆی ویندزەر. ئێستاش یاریدەدەری پرۆفیسۆری زمانی

ئینگلیزییە لە زانکۆی Carleton لە ئۆتاوا. لە بڵاوکراوەکانی:

یەک: Opening in the Sky ساڵی ١٩٩٤

دوو: Grey Owl:The Mystery of Archie Belaney ساڵی ١٩٩٦ کتێبێکە دەربارەی بایۆگرافی گرەی ئۆوڵ.

سێ: At Geronimo's Grave ساڵی ٢٠٠١

## یادەوەری

(چیف دان جۆرج)

یادەوەریی خەڵکەکانم
دەستیان دەگاتە
سەرەتای هەموو شتەکان.

چیف دان جۆرج لە ساڵی ١٨٨٩ لە ڤانکۆڤەر لەدایک بووە. لەتەمەنی پێنج ساڵیدا چۆتە قوتابخانەی Paul's Boarding.St School دواتر دەستی کردۆتە کرێکاری تا ساڵی ١٩٤٦. پاشان لە ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ تەلەفیزیۆن کەوتۆتە کارکردن و درامای Car-iboo Country و ساڵی ١٩٦٥ بەشداری فیلمی کرد و لە هەشت فلیمی هۆلیود دەرکەوت. دان جۆرج لە فیلمی Big Little Man لەساڵی ١٩٧٠ ەوە ناسرا و گەلێک خەڵاتی سینەمایی وەرگرت. لە ساڵی ١٩٧٢ دکتۆرای لەیاسا لە زانکۆی Simon Fraser University وەرگرت. دان جۆرج شیعرەکانی لە ساڵی ١٩٧٤ دا لە دوو بەرگدا بەناوی My heart Soars و My Spir-it Soars بڵاوکردەوە. دان جۆرج جێگای ڕێز بوو لەنێوان سەرجەم نەیتیڤەکانی باکووری ئەمریکا. دان جۆرج دوای تەمەنێکی درێژ لە تێکۆشان و داهێنان لە ساڵی ١٩٨١ ماڵئاوایی لە ژیان کرد.



## بەڕێز ماندێلا

(لیی مەراکڵ)

ببوورە بەڕێز ماندێلا
هەوڵم دا وێنات بکەم لەنێو زینداندا
بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ
بەڵام دەستم لە گەرووم گیر ببوو.

ئەم خاکە دەناسم
لە نێو ژوورە بێ پەنجەرەکەی
سەردەمی منداڵیم دەژێ
ئەو ژوورەی پڕ بوو لە جرج و دەنگی تۆقێنەر

تەنیاییەکی وەحشەتناک
ناخی تەنیوم و
دەنگی نوساندووم و
نامەوێت بیهێنمەوە بیرم

لەتاریکیدا، چاوەکان توند دەنوقێنرێن
یادەوەرییەکانی سکی خاڵی
فشار دەهێنن بۆ خۆیان
بۆشایی بیرکردنەوە لەتۆ و
پێویستیت بۆ ژیان پڕ بکەنەوە

دیمەنی ڕوخساری ڕەشت
لەنێوان دیوارە سپییە ڕووتەکان و شیشی زینداندا

وێنەی پارچە قوماشێک بەسەر تیشکی خۆردا دەکێشێ
لێم گەڕێ با بەبارانی ڕۆژەکان تەڕ ببم

بەڕێز ماندێلا...کاتێ لەنێو زینداندا لێت دەڕوانم
هەست بەهێزی دایکە دەریا ،
هەست بەبای چیا سەوزەکانم،
یان چوونە سەری بەرگریان لە مردن ناکەم.

من لەگەنجینەی ئەم هەڵۆی بەرگرییە
جێی تۆ و لیۆناردۆ لەسەر هەر باڵێکی دەکەمەوە
تۆ پێویستە شادومان بیت، بەڕێز ماندێلا
بەم سەردانە سادەیەی من.

لیی مەراکڵ لە ساڵی ١٩٥٠ لە North Vancouver لە دایک بوون. لێ وتارنووس و شاعیر و ڕۆماننووسە و لە خێزانێکی نەیتیڤ هاتۆتە بوون کە زمانی ستانداری ئینگلیزییان بەکارنەهێناوە، بۆیە لیی ناچار بووە وەکو خۆی دەڵێت ناچاربووم زمانی خۆم دابهێنم. هەروەها نووسینەکانی مەراکڵ مەغزای سیاسییان هەیە. لیی دەڵێت من لە هەلومەرجی ژیانمەوە دەنووسم. ئێمە لەنێو سیاسەتدا دەژین و نووسینەکانیشم ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە. بارودۆخی ژیانی نەیتیڤ لە کەنەدا خۆی سیاسەتە. لە بڵاوکراوەکانی:

یەک: من ئافرەتم– I Am Woman ساڵی ١٩٨٨
دوو: Bobbi Lee: Indian Rebel ساڵی ١٩٩٠
سێ: Sojurner’s Truth and Other Stories ساڵی ١٩٩٠
چوار: Theory:Coming to Story ساڵی ١٩٩٠



پێنج: Sun Dogs ساڵی ١٩٩١
شەش: Ravensong ساڵی ١٩٩٣
حەوت: More poems by Rita Joe ساڵی ١٩٨٩
هەشت: Songs of Eskasoni1990
نۆ: Telling It:Women and Language Across Cultures ساڵی ١٩٩٠
دە: Bent Box هەڵبژاردەی شیعر ساڵی ٢٠٠٠
یازدە: Daughters are Forever ڕۆمان.

لیی مەراکڵ وەک بەڕێوەبەری ترادیسیۆنی کلتووری لە شانۆی Indigenous کاری دەکرد و هەروەها لە زانکۆی تۆرنتۆش وانەی دەووتەوە و ڕاوێژکاری کاروباری نەیتیڤەکان بوو لە ئۆنتاریۆ. وەختێک مەراکڵ لە نۆ ساڵیدا فێری نووسین بوو یەکەمین شیعری نووسی بەناوی My Box of Letters.

## دەربارەی گۆرانییەک

(جۆوانە ئارنۆت)

ئەم گۆرانییە ڕازاوەیە
پاش ئەوەی بۆ چەند سەدەیەک وترا
لەوانەیە تۆ بیناسییەوە.

ئەمە قافیەی گۆرانییەکەیە
بەڵام بەزمانێکی ترن
لەوانەیە گوێت لێیان بێت

ئەم گۆرانییە
لەلایەن دایکێکی نەیتیڤەوە
بۆ منداڵەکەی وتراوە
لەوانەیە ئەو دایکە بناسیتەوە

ئەو گۆرانییەی بۆ منداڵەکەی وت
ئەو گۆرانییەی بۆ منداڵەکەی
ئەو گۆرانییەی
لەوانەیە تۆ ئەو ژنەت لەیاد بێت

شووی بەپیاوێکی گەیلی کرد
بۆ خۆی شووی کرد
بە سپی پێستێکی دوژمن
دەشێت تۆ بمناسیتەوە

گۆرانی بۆ منداڵەکەی وت
بەبێدەنگی گۆرانی وت بۆ منداڵەکەی
لەوانەیە تۆ گوێت لێم بێت

ئەم گۆرانییە ڕەنگینە
پاش ئەوەی بۆ منداڵەکە وترا
لەوانەیە بناسرێتەوە

ئەمە گۆرانییەکە دەربارەی
ئەمە گۆرانییەکە دەربارەی
دەنگێکی نووساوە لەنێو گەرووی دایکدا



ئەمە گۆرانییەکە دەربارەی
ئەمە گۆرانییەکە دەربارەی
ئەمە گۆرانییەکە دەربارەی.

گەیلی: گەیلی زمان و گەیلییەکانن کە لە ئێرلەندە و بەرزاییەکانی سکۆتلەندە دەژین.

(وەرگێڕی کوردی)

ژنە شاعیری نەیتیڤ جۆوانە ئارنۆت لە ساڵی ١٩٥٥ لە وینیپیگ لە خێزانێکی هونەرپەروەر لەدایک بووە و لە تەمەنی شەش ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەی دێتە ڤانکۆڤەر. هەر پێنج شەش ساڵ جارێک لەنێوان مێرگەکانی کەناری ڕۆژئاوا و ئۆنتاریۆ لە هاتەچۆ دادەبن و دەچێتە قوتابخانەی ئاسایی و قوتابخانەی roman Catholic . جۆوانە لە قۆناغی ئامادەیی دەست دەکات بەنووسینی شیعر و دواتریش بەشی ئینگلیزی زانکۆی ویندزەر تەواو دەکات و پاشان وەکو نووسەرێکی نەیتیڤ دەناسرێت. لە بڵاوکراوەکانی:

یەک: Wiles of Girlhood ساڵی ١٩٩١ کە خەڵاتی باشترین یەکەمین کتێبی شیعری پێ بەخشرا.

دوو: My grass Cradle ساڵی ١٩٩٢

سێ: Ma MacDonald ساڵی ١٩٩٣

چوار: کتێبێک بۆ منداڵان بەناوی Breasting the Waves ساڵی ١٩٩٥

# بەشی دووەم

# شیعری ئینگلیزی

## له خه‌ونم دا دیمانه‌یه‌کم له‌گه‌ڵ خودا دا ساز کرد

نووسینی: Reata Strickla

خوا پرسی (تۆ پێت خۆشه دیمانه‌م له‌گه‌ل دا ساز بده‌ی؟)
وتم (ئه‌گه‌ر کاتت هه‌بێ؟)
خوا پێکه‌نی و(کاتی من هه‌میشه‌ییه)
چ پرسیارێکت له مێشکدایه که لێم بپرسی ؟
چ شتێک ده‌رباره‌ی مرۆڤایه‌تی تووشی سه‌رسوڕمانت ده‌کات ؟
خوا وه‌ڵامی دایه‌وه:
(ئه‌وانه‌ی که له منداڵیدا تووشی بێزاری ده‌بن و،
په‌له‌یانه گه‌وره بن، پاشان ببنه‌وه به‌منداڵ.
ئه‌وانه‌ی که له پێناو پاره‌دا ته‌ندروستییان له ده‌ست ده‌ده‌ن و دواتر پاره‌کانیان هه‌ر
له پێناو ته‌ندروستییاندا ده‌دۆڕێنن.
به‌وه‌ی که نیگه‌رانن سه‌باره‌ت به‌داهاتوو و
ئێستایان له بیر چۆته‌وه.
وه‌ک ئه‌وانه‌ی که نه بۆ ئێستا و نه بۆ داهاتوو ده‌ژێن.
ئه‌وانه‌ی ده‌ژین وه‌ک ئه‌وه‌ی مردن نه‌یه‌ته ڕێیان
وه ده‌شمرن وه‌ک ئه‌وه‌ی هه‌رگیز نه‌ژیابێتن.)
خوا ده‌ستی گرتم و هه‌ندێ بێ ده‌نگ بووین
پاشان پرسیم:



وه‌کو باوکێک، ئه‌و ده‌رسانه‌ی ژیان چین که ده‌ته‌وێ منداڵه‌کانت فێری بن؟
خوا به‌پێکه‌نینه‌وه وه‌ڵامی دامه‌وه:
(فێر بن کارێک نه‌که‌ن که‌س خۆشیان بواتێ
به‌ڵکو کارێک بکه‌ن خۆیان خۆشه‌ویست بکه‌ن
فێر بن باش نییه خۆیان به‌راورد بکه‌ن به‌که‌سانی تر.
فێر بن که زه‌نگین ئه‌و که‌سه نییه که زۆر شتی هه‌یه
به‌ڵکو ئه‌و که‌سه‌یه که لانی که‌می پێویسته
فێر بن ته‌نها چه‌ند ده‌قیقه‌یه‌ک ده‌خایه‌نێ بۆ بریندارکردنی هه‌ست و
چه‌ند ساڵیش بۆ سارێژبوونی.
فێری لێ بووردن بن به‌پیاده‌کردنی لێبووردنی.
فێر بن که که‌سانێک هه‌ن خۆشه‌ویستییانه و خۆشیان ده‌وێن
به‌ڵام زۆر به‌ئاسانی ناتوانن ئه‌و هه‌سته‌یان بۆ ده‌ربڕن.
فێر بن که ده‌شێ دوو که‌س ته‌ماشای یه‌ک شت بکه‌ن و
دوو ڕوانینی جیاوازیان هه‌بێ.
فێر بن که هه‌میشه ئه‌وه به‌س نییه که له لایه‌ن که‌سانی تره‌وه ببه‌خشرێن
به‌ڵکو ده‌بێ خۆیان خۆیان ببه‌خشن.
هه‌روه‌ها فێر بن که من هه‌میشه لێرەم.

# شیعری هیچ

شیعری: لۆرنا کروزیەر Lorna Crozier

سفر ئەو ژمارەیەیە کەلە قوتابخانەدا تێی نەگەیشتبووین
گەر چەند جارەی هەر شتێکی بکەی
هەر بەهیچی دەمێنێتەوە

کاتێ لەهاورێکەم دەپرسم
ئەو ماتماتیکزانەی کە ڕەوانبێژی دەخوێنێ
ئایا سفر ژمارەیە، وتی بەڵێ
منیش هەست بە ئارامییەکی زۆر دەکەم.

ئەگەر باخێک هەبووبێ و
بووبێ بەبیابان
گەر هەر شتێک بکرایە لەگەڵ زانستی بونیادی مرۆڤ
ئەبووە دەم و
پەلی براو و
بە ئۆرگانێکی ون بوو.

***

سفر لەنێوان یەک و یەکدا گەرم دەبێتەوە و
هەموو شتێک دەگۆڕێ
لەنێو ئەلف و بێ دا لەهاتوچۆ دایە
دەنگێکی بزوێنە لەسەر زمانێکی لاڵ
گلێنەیە لەنێو چاوی پیاوێکی کوێردا



وێنەی خەیاڵی دەموچاوێک لەنێو پەنجەکانیدا هەڵدەگرێ.

***

وەختێ لەقووڵایی بیرێکەوە سەر هەڵدەبڕی
سفر ئەو بازنە شینەیە کەدەیبینی.
گوریسێکە لەگەرووی خۆت ئالاندووە
کاتێ بەپاژنەت خەریکی خوراندنی باڵەکانتی.
ئیکارۆس لە سفر گەیشتبوو
بۆنی کروز پەڕەکانی گرت و
فڕێی دایە نێو دەریاوە.

***

گەر سفر لەگردێکەوە خلۆر بەیتەوە
گەورە دەبێ، شار و کێڵگە و
ئەو مرۆڤانەش قووت دەدات کە لەسەر مێز خەریکی یاری کردنن.

***

کاتێ کە سەرۆکەکانی کری
پەیمانەکانیان لەنێو فرۆکەدا ئیمزا دەکەن
پیتی(x) لە تەنیشت ناوەکانییانەوە دەنووسن
لەزمانی ئینگلیزی دا (x) یەکسانە بەسفر

***

لەهاورێکەم دەپرسم
ئەو ڕەوانبێژەی کە ماتماتیکی خوێندووە
سفر مانای چییە و بەسادەیی وەری بگرە
وتی هیچ.

سفر ژمارەی وێنەگرە ڕووتەکانە
لە میانی پۆستەوە و کەبەناوی خواستراوەوە خواستویانە
ژمارەی ئاخرین پیاوە لە ململانێی مردندا
ژمارەی ئەو کچانەیە کە لەقاتی سێیەمەوە خۆفڕێ دەدەن
بۆ لەباربردنی سکەکانیان
لەیەک شوێندا سفر دەست پێدەکات و کۆتایی دێت
هەندێ کەس بەراوردی دەکەن بەهاژوژتن بەنێو مێرگەکاندا
بێئەوەی بگەی بەهیچ شوێنێک.

***

خوا لەسەرەتادا سفری دروست کرد.

پەراوێزەکان:

ئیکارۆس... لە میسۆلۆژی یۆنانیدا کوڕی دادالۆسە. کاتێ خۆی و باوکی لە کریت هەڵاتن ئەو باڵانەیان بەکار هێنا کە دادالۆس دروستی کردبوو. ئیکارۆس زۆر بەرز فڕی و تیشکی خۆریش ئەو مێوەی کە باڵەکانی پێ بەسترابوونەوە، تواندەوە.جا ئیکارۆس لە بەرزاییەوە کەوتە خوارەوە و مرد.

کری... ناوی ئەندامی کۆمەڵەی مرۆیین کە لە باشووری نیوەی گۆی زەوی لەکیشوەری بەستەڵەکدا دەژین و بەکۆمەڵێ سیفات دەناسرێنەوە وەک: ڕێک، قژ ڕەش، پێست قاوەیی.

لۆرنا کرۆزیەر لە ساڵی ١٩٤٨ لە (Swift Current) لە کەنەدا لەدایک بووە و گەورە بووە. بەکالۆریۆسی لە زانکۆی Saskatchewan وەرگرتووە و بۆ ماوەی ١٠ ساڵ خەریکی وتنەوەی زمانی ئینگلیزی بووە پێش ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٠ ماجستێر لە زانکۆی (Alberta) وەربگرێ.

لۆرنا بەردەوام خەریکی وتنەوەی نووسین و داهێنان بوو لە چەندین قوتابخانەی ڕۆژئاوای کەنەدا لەوانە Saskatchewan summer school و چەندین کتێبی بڵاوکردۆتەوە و ئێستاش مامۆستایە لە زانکۆی (Saskatchewan).



لە بڵاوکراوەکانی...

1- Inside the sky 1976
2-Humans and Other Beasts 1980
3-The Weather 1983
4-The Garden Going On Without Us 1985
5-Angels of flesh Angels of Silence 1988

٦- دوو کتێبی تری لەگەڵ (Patrick Lane) لە ساڵی ١٩٧٩ و ١٩٨١ بڵاوکردۆتەوە.

کرۆزیەر میراتی ئەفسانە و چیرۆک لە شیعردا تێکەڵ بەمێرگی ژیان دەکا کە بەزمانێکی ورد و ڕاستەوخۆ دەنووسێ.

تێبینی: ئەم شیعرەی (لۆرنا کرۆزیەر) لە گۆڤاری (شین) ژمارە ١٢ بڵاوبۆتەوە.

## ئافرەتەکەی نێو ئەم شیعرە

ژنە شاعیری کەنەدی
(برۆنوین وەیلز-Bronwen Wallace)

ئافرەتەکەی نێو ئەم شیعرە
لەگەرەکێک لەگەڵ مێردەکەی و هەردوو منداڵەکەیدا دەژێت
هەموو ڕۆژێک چاوەڕوانی بەرید دەکات و
هەفتەی جارێک نامەیەکی لە خۆشەویستەکەیەوە بەدەست دەگات
کە لە شارێکی تر دەژێت.
لەسەر تەختەی نووستنەکەیەوە بەگوڵ دەنووسێت و
بەگەرمیی تیشکی هەتاو بەیەکیانەوە دەلکێنێت
(وەرە بۆ لام) دەپارێتەوە (پێویستم پێتە).

ئافرەتەکەش تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت
تاکو زەنگی فڕۆکەخانە لێبدات و
ئافرەتەکە ئەم پاش نیوەڕۆیە دەڕوات
بەچەند جلێکی سووکەوە جانتاکەی دەپێچێتەوە.

بەڵام وەختێک ژمارەکانی لێدەدا
ئافرەتەکەی نێو ئەم شیعرە
مەنجەڵە گۆشتەکە و ئەو ڕاستییەی هاتەوە یاد
کە ئەمڕۆ پێنجشەممەیە
بیری لەوە دەکردەوە دەموچاوی مێردەکەی چۆن سوور هەڵدەگەڕێت
کاتێک وشەی ماڵئاواییەکەی دەخوێنێتەوە
بەدڵتەنگییەکەوە جەستەی دەنوشتێنێتەوە
ڕوەو تەنیشتی چۆڵی سەر تەختە خەوەکە.
ئافرەتەکە وازی لە زەنگ لێدان هێنا و
کەوتە وردکردنی پیاز بۆ مەنجەڵە گۆشتەکە
بەڵام لە پشتییەوە شێوەی تەلەفۆنەکە و
ژمارەی حیجزکردنی فڕۆکەش لەنێو لەپیا سروودی دەوت
سەعاتێکی تریش منداڵەکانی لە قوتابخانە دەگەڕێنەوە و
دوای ئەوەش مێردەکەی دەگاتەوە ماڵ
بۆ لەپشتەوە ماچ کردنی لاملی
ئافرەتەکە هەرچەند گۆشتاوەکەی خەستتر دەکرد
دەشیزانی لە میانی نان خواردنی ئێوارەدا
دەمی پڕ دەبێ لە وتوویژ و پێکەنین



کاتێک لەگەڵ عەشیقەکەی
لە لێواری کەنارێکدا پیاسە دەکات.

ئافرەتەکە پیازەکەی کردە نێو مەنجەڵەکەوە و
بەرەو تەلەفۆنەکە وەرچەرخا
تەنانەت کاتێک گەیشتە لای تەلەفۆنەکە
ئافرەتەکە بیری لە وانەی پیانۆی کچەکەی و
مەوعیدی دکتۆری ددانی کوڕەکەی دەکردەوە.

ئافرەتەکە دەستێکی کەوت بەملا و دەستەکەی تری بەولادا
وەختێک لەنێو چێشتخانە قەرەباڵغەکەیدا وەستا بوو
دەتوانین پیربوونی ئەو ئافرەتە ببینین و
ئاوات بخوازین بۆ شتێک، هەر شتێک کەڕوو بدات
دەتوانین لێی بگەڕێین بەدڵتەنگی و مەلولییەوە
بڕوات لەنێو کانتۆری جلوبەرگەکانیدا، دەرگا لە خۆی کلۆم بدات و
لە نێو جلە سپییە بێکەڵکەکانیدا بۆ چەند ڕۆژێک هەڵبکورمێت
یان لەوانەیە شەوانە بەشەقامەکاندا
بە ئۆتۆمبێلی مێردەکەی بێت و بچێت
کوڕانی تازە باڵق بوو هەڵبگرێت و
لەکورسییەکەی دواوە سواری خۆیان بکات
ئێمە تەنانەت دەتوانین خەیاڵی ئەوەش بکەین
تەرمەکەی بەفڕێدراوی لەقەراغ شاردا بدۆزینەوە.

ئافرەتەکەی نێو ئەم شیعرە
بەو تەلەفۆنە بێکەڵکە و بەبۆنی بەردەوامی پیاز

ئێمەشی تووڕە و بێزار کرد
ئێمە ڕێزیشی لێدەنێین وەکو حیسابکردنێکی هەژارانەی ژەهر
ئەو کەسەی کەلەنێو جێگاکەدا ڕاکشاوە
نەک ناسینی ژیانی پڕ لە لەرزینی
لە خیلالی تنۆک تنۆکی خەملاوی ژیانییەوە
دەمانەوێت بیر لە مردن بکەینەوە
وەک هەندێک جار کە کتوپڕ سەکتە بکا
یان بەپەرۆش و سەرسامی هەڵمان بگرێت لە نێو یەک کەوانەی بڕیار
دەمانچەکە زۆر بەوردی ئاڕاستەی بەشی ڕاستی مێشکی دەکات و
ئێمەش دەمانەوێت ڕق لەو ئافرەتە هەڵبگرین.

بەڵام زۆر جار ئێمەش ڕقمان لە زانینی
ئەم شێوە چرکانە دەبێتەوە
بیرکردنەوەکانمان، پەنجە ڕەق و وشکەکانمان
دەبڕێت و دەبڕێت
کاتێک لە نێوەندی ڕۆژێکی ئاساییدا ڕادەوەستین و
چەشنی ئافرەتەکەی نێو ئەم شیعرە
هەست بەمەرگی خۆمان بکەین
کەلەسەرەخۆ لەگەڵمان گەورە دەبێت.

بڕۆنوین وەیلزی ژنە شاعیری کەنەدی لە ساڵی ١٩٤٥ لە کینگستۆنی ئۆنتاریۆ لەدایک بووە. بەکالۆریۆس لە ١٩٦٧ و ماستەریش لە ١٩٦٩ لە زانکۆی کوینز Queen’s University تەواو دەکات و چالاکێکی کۆمیتەی سیاسی بووە و لە ساڵی ١٩٧٠ دەچێتە (ویندزەر) دەکەوێتە کارکردن لەگەڵ چینی کرێکار



و کێشەکانی ژنان.لە ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە بۆ کینگستۆن دەکەوێتە کارکردن لەگەڵ ژنان و منداڵانی بێسەرپەنا و زوڵم لێکراو، هەروەها وانەی لە کۆلێژی لۆرەنس زانکۆی کوەین دەووتەوە و دەستی کردە نووسین لە هەفتەنامەی Whig-Standard . لە ساڵی ١٩٨٨ بوو بەنووسەر لە. زانکۆی Western Ontario . لە بڵاوکراوەکانی:

یەک: Marrying into Family ساڵی ١٩٨٠

دوو: Sings of the Former Tenant ساڵی ١٩٨٣

سێ: Common Magic ساڵی ١٩٨٥

چوار: The Stubborn Particulars of Grace ساڵی ١٩٨٧

پێنج: لە فیلمێکدا لەگەڵ هاوڕێکەیدا (کریس وینۆت) بەشداری کرد بەناوی All You Have To Do ساڵی ١٩٨٢

شەش: کۆمەڵێ شیعری بۆ ڕێزلێنان لەو ژنە هاوڕێیەی کە بەشێرپەنجە مرد بڵاوکردەوە بەناوی That_s Why I’m Talking ساڵی ١٩٨٤

حەوت: پاش مەرگیشی لەگەڵ ئەم شاعیرانە (مەری دێ میشێڵ و پیەر جیۆرجیۆ و کارۆلین سمارت و ڕۆبەرت پریست)دا هەڵبژاردەیەک لە کورتە چیرۆکەکانی بەناوی People you_d Trust Your Life To ساڵی ١٩٩٠دا بڵاو کرایەوە.

وەیلز لە نووسینەکانیدا کەشفی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوروبەر دەکات و نزیکایەتی ژیانی خۆی لە کینگستۆنی ئۆنتاریۆ لەگەڵ گەورەترین نەوەی پاش جەنگ دەردەخات. وەیلز لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا خەریکی نووسینی کورتە چیرۆک بووە. بڕۆنوین وەیلز دەڵێت چیرۆکەکانم سەروەت وسامانمن. وەیلز لە ساڵی ١٩٨٩ بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

## پاشکۆ

ئەم پاشکۆیە کۆمەڵێ شیعری نەیتیڤی ئەفریکییە، لەبەر نزیکایەتی کلتووری ئەفریکی لە کلتووری نەیتیڤی کەنەدی وەک پاشکۆی ئەم کتێبە  پێویستی بڵاوبوونەوەی خۆی سەپاند و خوێنەری کوردیش بەشیعر و گۆرانی نەیتیڤی ئەفریکی ئاشنا دەکات.

# وشەکانی بەهەشت

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

عەبدوڵڵا سلێمان(مەشخەڵ)

وتەی وەرگێڕ:

ئەم شیعر و گۆرانییانە گەرچی بەژمارە کەمن، وەلێ هەڵگری کۆمەڵە کۆدێکی سۆسیۆلۆژی و ئایینی و فەلسەفی کلتووری نەیتیڤن، کە زۆر جار وادەخوازێت ڕاڤەی جیاواز جیاوازیان بۆ بکرێت و تا مەبەستەکە بەدیار بکەوێت. دیار کردنی ڕاڤەی جیاوازیش بۆ ئەم دەقانە لە قووڵی واتاکانی دەقەکانەوە نایەت، بەڵکو لەدووری خوێنەرەوە دێت بۆ ناسینی کلتوور و نەریت و شێوازی ژیانی ئەو نەیتیڤانە.

شاعیرەکان لێرەدا بەشانازییەوە باس لە نەسەبی خۆیان دەکەن و دەیگێڕنەوە سەر ئاژەڵ و باڵندە و هەروەها تاکە کۆمەڵە مرۆڤێکی سەر ئەم زەوییەن کە ئەفسانەی (ئادەم و حەوا) بەسەرچاوەی دەستپێکردنی ژیان ناناسن و، خوای ئەم نەیتیڤانە تاک خوا نییە و ئەمان کۆمەڵێ خوایان هەیە و هەر هەموو خواکانیان لەسەر زەوین یان لە ئاسمانن.

تایبەتمەندییەکی تری ئەم دەقانە ئەوەیە کە کورتن، بەڵام زۆر بەخێرا دەگەنە نێو دڵ و هەستی خوێنەر و هەروەها سادەن وەکو خۆیان. شاعیرەکان لە دەقەکانیاندا (تعمق)یان نەکردووە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکیان ناوەڕۆکی سیاسی یان فەلسەفییان هەیە.

پێکهاتەی وتەزاکانی نێو شیعری نەیتیڤ بریتین لە(هەتاو، دەریا ،باڵندە،دارستان،و جەنگەڵ).ئەگەر ئەم پێکهاتانە دەرخەری پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دەوروبەر بن، ئەوا بەشێکی گرنگ لە



گۆرانییەکانییان دەرخستنی برک و ژان و خۆشەویستی نێو دڵیانە کە چەند هەزار ساڵە نەوە لەدوای نەوە وەکو پەیام بۆ یەکتری دەگوێزنەوە.

ئەم گۆرانی و شیعرانە سەرەتا بەزمانی نەیتیڤی خۆیان نووسراون و پاشان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی و منیش وەرم گێڕاونەتە سەر زمانی کوردی.

دوا جار بۆم مەبەستە خوێنەری کورد ئاشنا بێت بەئەدەب و کلتووری نەیتیڤی دورگەکانی (New Guinea)، ئەو مرۆڤانەی کەچەند هەزار ساڵە ئەم کیشوەرە گەورانەیان بەگۆرانییەکانییان لە بێدەنگی پاراستوە و ئەمڕۆش لەژێر پێی زەبەلاحی دونیای ئەمڕۆدا خەریکن لەنێو دەچن!.

## ماڵەکەم

(جەیمس ماکەین)

زۆر زۆر پێش ئێستا
پێش ئەوەی پیاوە سپییەکان بێنە ئێرە
ماڵەکەم لێرە بوو
ماڵەکەم وەکو کچێکی گەنج وابوو
جلی ئاڵووالآی لەبەردەکرد
گوێزی هیندی و حەیزەران و کرۆتۆن جوانیان کردبوو
وەختێ هەتاو لێی دەدا
کێ دەتوانێ وەسفی بکات؟

تێبینی: کرۆتۆن وردە نانی برژاو یان گەرمکراوەیە لەگەڵ (سوپ) دەدرێت بەمیوان

## خۆشەویستی

(ف. کواری گیمانا)

تۆ کچێکی جوانی لە بیرکردنەوەی خۆتدا
منیش ئەو کوڕەم کە تۆ بەشوێنیدا وێڵی
لەناو دڵی تۆدا دەنووم و
پەرژین دەکەم لەنێو دڵتدا.



## گۆرانی خۆشەویستی

(لوکاس ئایهی)

کچە جوانەکە
من و تۆ جارێکیان......
ئێستاکە من دڵم تەنگە
بەتەنیایی لە نێو ماڵەکەم

با هەڵیکرد
تۆ بیر لەمن دەکەیتەوە
گوێم لە گۆرانییەکەت بوو
لەنێو ماڵەکەم

با هەڵیکرد
تۆ بیر لەمن دەکەیتەوە
پەیامەکەت گەیشت
لەنێو ماڵەکەم

## دیسانەوە خۆشەویستی

(ماکی نامابیرۆ)

دایکی ڕەش پێست: ئایا دەبێت هەستمە سەر پێ
یان دابنیشم تا ماچت بکەم؟
هەست بەشپرزەیی دەکەم
نازانم چیبکەم

هەستمە سەر پێ یان دابنیشم تا ماچت بکەم؟
دایک سوور پێست
ئایا دابنیشم یان هەستم... هتد.

## نەریت

(گ.توبودە)

دڵم لێدەدات باپیرە
کاتێک دەتبینم دەموچاوت سوورە
سینگت سوورە
لەشت ڕەنگاوڕەنگە و
جوان دەنوێنیت.
باڵەکانت بەرزبکەرەوە و لێم بگەڕێ تا ببینم
سەر و تەنیشت و کلکی خۆتم نیشان بدە
دڵم لێدەدات کاتێک دەتبینم
ئەی باپیرە (یایاوا)
تێبینی: شاعیر لێرەدا نەسەبی دەباتەوە سەر باڵندەی (یایاوا)

## ژنێکی خاوەن دوو دەزگیران

(هاروها ئاپوپو)

ئەو پیاوە کێیە
کە بەدرێژایی کەنارەکە بەرەو ئێرە دێت؟
ئەوە (مایو)ە بۆ لای من دێت
یان دێت بۆ لای کەسێکی تر؟



ئەو پیاوە کێیە
کە بەدرێژایی کەنارەکە بەرەو ئێرە دێت
ئەوە (کێڤیی)ە بۆ لای من دێت
یان دێت بۆ لای کەسێکی تر؟
تێبینی: (مایو) و (کێڤیی) هێمان بۆ دوو جۆر لە ئاژەڵ

## ئابڕوو بردن

(تیمۆتی ئۆسواڵد)

باشە تۆ دێی
تۆ هاتی وەک پیاوی ئازا
تۆ دەترسیت، لەماڵ بمێنەرەوە
تۆ بێ هێزی، لەماڵ بمێنەرەوە
بڕۆ، پاشان بڕۆ، بڕۆ
بەسەر پردی (مانگرۆڤ) دا
بەسەر پردی دار خۆخدا
بڕۆ، پێیدا بڕۆرەوە
تێبینی: مانگرۆڤ جۆرە نەمامێکە لە ڕۆخە لیتاوەکان و زۆنگاوەکاندا شین دەبێت کە ڕەگێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوەی لەسەر زەوی هەیە.

## ژیان

(ئە.ناتاجی)

دێم. دێم و دادەنیشم
چاوەڕوان دەبم، چاوەڕوان دەبم و دادەنیشم.

دێم. دێم و دەژیم
چاوەڕوان دەبم، چاوەڕوان دەبم و دەژێم.

## گۆرانی دڵداری

(ئیلیجاه ئیمۆری)

دوێنێ شەو تۆ هاتی
تا سەر بخەیتە سەر سەرینم
منیش لەگەڵ هەڵبەزە و دابەزەی سکما
لە خەونەکەم بێدار بوومەوە.

## گۆرانی کچێک

(کومالاو تاوالی)

گۆڕانێک پێک دەهێنێ، تووکی نەرمی فڕێدەدات
باڵندەکان دەڕۆن بەڕێوە
مەمکەکانم نیشان کرابوون
کوڕە قۆزەکانیش سەیری دووریان دەکرد
بەلەمی ڕۆحیش لەگەڵ هەرزەکارانە
کەچی ڕێگا دەمبا بەرەوشوێنێکی دوور
با دەچرپێنێ، هەوری ڕەشیشم پێدەگات
شەپۆڵیش بێزارم دەکات.



## سروود بۆ مردوو

(جولی واستن)

خۆت بەگوریسەکەوە بگرە
بۆ ئەو هەڵۆیەی دەڕوات بەرەو دوور
بەلەمەکەی منیش خێراتر دەڕوات و
منیش دەگریم لەگەڵ خۆشی سەر دەریا

"......."

(ڕۆک ئاووە)

سەرکردەکان هەمیشە وتار دەدەن
منیش هەناویان بێزار دەکەم و
تۆش کەلەپچە دەهێنی
من بڕواکانیان توڕە دەکەم و
تۆش کەلەپچە دەهێنی.

## گۆرانی داری وەلەب

(پۆکواری کەیڵ)

کاتێک لەگەڵ دایکمدا ڕۆیشتم
چاوەکانمان پڕ لە مۆز بوون
کاتێک لەگەڵ دایکمدا ڕۆیشتم
جانتاکانمان هەمیشە پڕ بوون
دایکمان بۆ کوێ چوو؟
لێرە نارۆم تا نەزانم

ڕووباری (لانێمە) یارمەتیم بدە! مەلاوێنەوە.

تێبینی: لانێمە ناوی ڕووبارێکی دورگەکانی (نیو گیونیا)یە.

## کوڕەکە

(مۆری ڤاری)

باوکە، ها، تۆ منت خۆش ناوێ
دە با بڕۆین بگەڕێین لە سەگ ماسییەکەی ئێوارە
ئەو سەگ ماسییەی دایکە هەژارەکەمی خوارد
ئەو سەگ ماسییەی شەوان دەریا ڕاو دەکات
بەڵام تۆ نایکوژی
من دەیکوژم
چونکە دایکم خۆش دەوێ و
تۆ خۆشیت ناوێ

## بۆنە

(مورەی ڕاسڵ)

پیاوێکی چینی بەسەر پاسکیلێکەوە
چەند کەلەرمی هەڵگرتبوو
گوندەکەت کوا؟
باڵندە بچکۆلەکەش بەسەر سەردا سوڕایەوە
سوڕایەوە و، سوڕایەوە



## "......"

(ستێفن پۆتی)

تۆ دووبارە دڵتەنگی
تۆ ئێستا تەنیای
ئەفسوس یەخەی پێ گرتین
ڕابەرمان نییە
تەماشای سەرەوە بکە، ئەی دراوسێکەم
بڕوانە سەر ئەو گردانەی نێو جەنگەڵەکە
وەحشەت لە نێو گوندەکەدا جێگیر دەکات
جادووی سپی لە نێو گوندا جێگیر دەکات
تەماشای سەرەوە بکە، ئەی دراوسێکەم
بڕوانە سەر ئەو گردانەی نێو جەنگەڵەکە
دووبارە بیر بکەرەوە،هەردوو پێکڕا، دووبارە بیربکەرەوە.

## هەڵبژاردن

(جەستینە لیڤەیڵ)

هەڵبژاردنمان باش بوو
بەم نزیکانە بەچاکی دادەنیشین
ناوی نەژادمان
(U.S.A) وەردەگرێ.

تێبینی: مەبەست لەناوهێنانی (U.S.A) داگیرکردنی دورگەکانی (New Guinea) لە لایەن ئەمریکاوە لە جەنگی جیهانیی دووەمدا.

## "......"

(ئالان نەتاچیی)

هەرکاتێک حکوومەت
دەربارەی هاتنی ساڵی نوێ دوا
پاپۆڕێکی هەڵمیی گەورە لەسەرەخۆ بەرەو ڕومان دێت
دەریاکە دڕە و
بای باشووری ڕۆژهەڵاتیش هەڵدەکات
کێ ئامادەیە بچێت بۆ جەنگ؟
دەریا دڕە و
بای باشووری ڕۆژئاوا هەڵدەکات
کێ ئامادەیە بچێت بۆ شەڕ؟

## باڵندە

(ڕاکە گوما)

تۆ باڵندەی ئەوێی،تۆ باڵندەی ئەوێی
تۆم بینی،تۆم بینی جوان بووی
تۆم بینی، تۆم بینی بەدەستی خودا دروست کرای.
لەهەر کوێ بم، بۆنی باڵندە دەکەم
گۆرانییەکەتم بۆ بڵێ
دوو باڵندە لەسەر قەدی دار ڕۆنیشتبوون
یەکیان فڕی بەرەو خوار و
ئەویتریشیان هەر لەوێدا ماوەتەوە
باڵندەکان... دەفڕن.



سەرچاوە:

Words of Paradise
Poetry of Papua New Guinea
Edited  by Ulli Beier - 1973

تێبینی:

- وێنەکان هەر لە هەمان سەرچاوەوە وەرگیراون.
- هەندێک لە شیعرەکان بێ ناونیشانن من یان ناونیشانم بۆ داناون یان (*......*)م بۆ داناون.
- وێنەکانی ڕوپەڕی یەکەم و دوا ڕوپەڕی ئەم کتێبە کە کاری هونەرمەندان (کالڤین هانت) و(فیلٚ گرەی)ین لەم وێب سایتەوە وەرگیراون.

http://www.douglasreynoldsgallery.com/gallery/wood
gray_mosquitopanel.htm

## سەرچاوەکان

1-The Gathering
Stones For The Medicine Wheel
Gregory Scofield
2-AN ANTHOLOGY OF CANADIAN
NATIVE LITERATURE IN ENGLISH
Edited By
Daniel David Moses &Terry Goldie
3- CHRYSTOS
DREAM ON
4-BEING ON THE MOON
ANNHARTE
5- A modern anthology of Indian poetry 1972 (sweetgrass 1) with Wayne Keon and Orville Keon
6- Sweetgrass 11 Wayne Keon - 1990
7-Storm dancer Wayne Keon 1993
8-International Reading At Harbourfront Site.
9-Words of Paradise
Poetry of Papua New Guinea
Edited by Ulli Beier - 1973
10-AN ANTHOLOGY OF CANADIAN LITERATURE IN ENGLISH
REVISED&ABRIDGED EDITION
EDITED BY
RUSSELL BROWN&NATHALIE COOKE
TORONTO OXFORD UNIVERSITY PRESS 1990
11-Dialogue magazine
Volume15,Number 2
July 13,2001 page 47
12-The Aboriginal People of British Columbia a profile



Government of British Columbia Ministry of Native Affairs
13-People of the North West Cost their archaeology and prehistory
ames Kenth M.
Herbert D.G.maschner
London 1990
14-Civilization.ca site
15-Many Voices An Anthology of Contemporary Canadian Indian Poetry
Edited by David Day and Marilyn Bowering
16-My Sweet Maize Wayne Keon 1997
A Desert Full Of Smoke
English & Canadian native poems
Translated to Kurdish by
Abdullah Sulaiman (mashkhal)

# پێڕست


ئەو وشانەی لە سەرەتادا پێویستە بوترێن ... 5

دەستپێک ... 8

**بەشی یەکەم:**

شیعری نەیتیڤی کەنەدی ... 11

سێبەری خەون. گریگۆر سکۆفیلد ... 13

بەرایی تر. کریستۆس ... 14

لەناو پاس دا. کریستۆس ... 21

ڕەنگی پێستی دایکم ئەسمەر بوو. ماریا ئانهێرت ... 16

قسەکردنم ون کرد. ڕیتا جۆو(Rita Joe) ... 17

چەند شیعرێکی ڕۆناڵد کیۆن ... 19

گۆرانی سوسکە. (کاتێری ئەکیوێنزی-دام) ... 33

بەر لە من (جۆزیف داندوراند-Joseph A. Dandurand) ... 34

کەسێک. (جۆزیف داندوراند) ... 36

وەلامی پرسیاری بۆچی. (ڕاندی لوندی) ... 38

دەڕوات بۆ دوور. (سەرین ستامپ- Sarain Stump) ... 39

وەکو دەستە بچکۆلەکان. (سەرین ستامپ) ... 39

سەمای بازنەیی. (سەرین ستامپ) ... 39

بۆ مێنلۆ. (سکای ڕۆز بروس: مەهارا ئۆلێیێرت) ... 41

ئاوێنە. (ئارمەند گرانێت ڕافۆ) ... 42

بۆ دەنووسم. (ئارمەند گرانێت ڕافو) ... 43

یادەوەری. (چیف دان جۆرج) ... 45

بەرێز ماندێلا. (لیی مەراکڵ) ... 46

دەربارەی گۆرانییەک. (جۆوانە ئارنۆت) ... 48

**بەشی دووەم:**

شیعری ئینگلیزی ... 53

لە خەونم دا دیمانەیەکم لەگەڵ خودا دا ساز کرد. نووسینی: Reata Strickla ... 53





شیعری هیچ. شیعری: لۆرنا کروزیەر Lorna Crozier ... 55

ئافرەتەکەی نێو ئەم شیعرە. ژنە شاعیری کەنەدی (برۆنوین وەیلز) ... 58

**پاشکۆ**

وشەکانی بەهەشت ... 65

ماڵەکەم. (جەیمس ماکەین) ... 67

خۆشەویستی. (ف. کواری گیمانا) ... 67

گۆرانی خۆشەویستی. (لوکاس ئایهی) ... 68

دیسانەوە خۆشەویستی. (ماکی نامابیرۆ) ... 68

نەریت. (گ.توبودە) ... 70

ژنێکی خاوەن دوو دەزگیران. (هاروها ئاپوپو) ... 71

ئابڕوو بردن. (تیمۆتی ئۆسواڵد) ... 79

ژیان. (ئە.ناتاجی) ... 70

گۆرانی دڵداری. (ئیلیجاه ئیمۆری) ... 71

گۆرانی کچێک. (کومالاو تاوالی) ... 71

سروود بۆ مردوو. (جولی واستن) ... 72

"........". (ڕۆک ئاووە) ... 72

گۆرانی داری وەلەب. (پۆکواری کەیڵ) ... 72

کوڕەکە. (مۆری ڤاری) ... 73

بۆنە. (مورەی ڕاسڵ) ... 73

"........". (ستێفن پۆتی) ... 74

هەڵبژاردن. (جەستینە لیڤەیڵ) ... 74

"........". (ئالان نەتاچیی) ... 75

باڵندە. (ڕاکە گوما) ... 75

سەرچاوەکان ... 77